# گوێ بگرە لەم تەلەفۆنەو بڕیاری خۆت بدە وبزانە کوردوستان چۆنە؟؟؟ .. باوکی هەلۆ گەرمیانی

گفتوگۆ لەنێوان دوو هاوڕێ خۆشەویست دا:-
1- کاك (ك) کوردێکی دلسۆز بەکوردوستان بوو بەناچاری ڕووی لەهەندەران کردبوو.
2-کاك (م) کوردێك بوو هەر لەکۆنەوە لێپرسراوبوو لەترسی کوشتن هەل هات وکوردوستانی بەجێ هێشت
وەئیستاش گەراوەتەوە بۆ کوردوستان و بزانن چیە؟
3- (جواب) کچێکی تەمەن 20 سالەو سکرتێرەیە ناوی خانمەو بانگی ئەکەن بووکەخان
------------

ك) تەلەفۆن ئەکات بۆ کوردوستان بۆ (م) هاوڕێی بۆ ئاگاداربوونی لەهەوالێ هاورێ خۆشەویستەکەی کە لەمنداڵیەوە هاوڕێی یەك بوون بەلاَم (ك) لەهەندەران ماوەتەوە و (م) برادەری مال ومندالی بەجێ هێشتوەو لەکوردوستان بوە بە لێپرسراووو..
ك:-هەلاو بێ زەحمەت جەنابت کێیی من کاك م دەوێت؟
جواب: زەحمەت نەبێ جەنابت کێیەوا ئەتەوێی لەگەل م قسەبکەیت؟
ك:- من هاوڕێیەکی خۆیم لەهەندەرانەوەقسەئەکەم ئەی تۆ کێ یت؟
جواب: من سکرتێرەم ناوم خانمە بەلاَم کاکە م ناوی ناوم بوکەخان من کلیلی عەقلی ئەوم ئەویش کلیلی دلی منە؟
ك: کەواتە بەبێ زەحمەت بەکاك م بلێ تۆیان ئەوێت؟
جواب:ناشێ منداڵەکانی م ڕایان سپاردبێ کەوا بە م بلێیت بێتەوەبۆ هەندەران؟
ك: نە و دادەگیان من هاوڕێی خۆیم ئەوە بۆ م وای لێ هاتوە لەپاش لێ کۆلینەوە یەکی زۆر ئینجا ئەبێ قسەی لەگەل دابکەین؟
جواب: ئەوەچیە ئەو قسانە ئەکەیت ئەلێی خەلکی ئەم وولاَتە نیت وەئاگاداری ئێستای کوردوستان نیت
ئەوا ئەم جارە داوای لێ ئەکەم کە قسەت لەگەل بکات بەلاَم داواکارم زۆر مەشغولی نەکەیت؟
جواب: کلیلی دلم م گیان کوڕێك ئەیەوێ قسەت لەگەل بکات، لەهەندەرانە بزانە چی ئەوێ ئەگەرباسی هاتنەوەی کرد بۆکوردوستان پێی بلێ داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم چونکە نە جێگاماوە ونە بوکە خانمێکی ترهەیە، زوو فریا نەکەوتی واخەریکە سامانی کوردستان نامێنێ هەمووی دابەش کراوە؟
م: باشە کوا تەلەفۆنەکەی گرێ بەست کە قابیلە من لەقسەی تۆ دەر بچم؟
جواب: فەرموو برا لەگەل م قسەبکە بەلاَ م زۆر کاتی لێ نەگرێت؟
م: بەلێ فەرموو تۆ کێی؟
ك: من ك ی برادەرتم نەم زانیوە واگەوەرە بوویت لەپاش 45 دەقیقە لێ کۆلینەوە ئینجا تۆم دەست کەوت وەلاَهەر بۆ هەوال کردم وە ووتم بزانم ئەم هاورێ خۆشەویستە ی منداڵیم بزانم خەریك چیە وا
هیچ هەوالی نیە؟
م: چۆنی برای خۆشەویستی منداڵیم ئەوەبۆ وابێ ڕەحم بوویت نەهەوالمان ئەپرسی ونەتەلەفۆنیش ئەکەیت

ك:براگیان تۆ لەورۆژەی هاتوی تەوە بۆ کوردوستان هیچ دەنگت نیە و ە ئیستاش ئەم تەلەفۆنەم دەست کەوت لەرێی برادەرێکەوە کەناوی تۆی هێناو ووتی ئیستا زۆر گەورە بوە بەس تەنها ژمارەی تەلەفۆنی دائیرەکەی ئەزانم، وەمنیش لێم وەرگرت. وەجەرەسم بۆ لێ دای باش بوو بوکەخانم دای نەخستەوەبەسەرما.

م:برام بەخوا زۆر مەشغولم بروابکە هیچ کاتم نەماوە، لەبەر زۆری ئیشم ئەوەتا 3 ژمارەی تەلەفۆنی

تایبەتیم هەیە بێ جگەلە2 ژمارەش بۆ بوکەخانم بۆئەوەی زۆری تەلەفۆنەکان جواب بداتەوەو، هەندێ جاریش کە تاقەتم نەبوو ئەلێ م لێرەنیە چۆتەدەرەوە یا خود بەکورتی ئەلێ لە کۆبونەوەدایە (اجتماع)

ئەی تۆ چی ئەکەی؟

ك: من دوای ئەوەی بەهۆی کارکردنم لە کارگەیەك دا توشی نەخۆشی بووم، مۆلەتیان دامێ وە دوایی بۆ مووچەکەم چومە سەر (خاك) واتە ئەوشوێنەی مووچەدابین ئەکات بۆئەوانەی لەکار دوور ئەکەونەوە ئیتر

بەهۆی نەخۆشیەوەبێت یاخود کارەکەی تەواو بوو بێت یا کارگەکە ئیفلاسی کردبێ. بۆ ماوەیەك ئیتر ئەگەرێتەوە سەر سۆشیال واتە مووچەی یارمەتی بۆ بێ کاران؟

م: دوای ئەوەی قاقایەك لێ ئەداو ئەلێ کەواتە ئیستا سۆشیالە حەیاتەکە وەرئەگریت ئەی باشە چۆن ئیدارەی پێ ئەکەیت؟کەواتە بلێ ژیانێکی کولەمەرگی ئەژیم وە واش دەرئەکەوێ سیارەت نەماوە، بەسەری تۆ من ئەوپارەی سۆشیالەی کەتۆ وەری ئەگری هەر لە دانیشتنێك دا سەرفی ئەکەم وەهەندێ جار هەر بۆخۆشی زیاتر لەوپارەیە ئەدەم بە بوکەخانم بۆکرینی فستق وئەوشتانە بۆ بێ تاقەتی ئەخورێ؟

ك:ئەی باشە ناگەرێیتەوە بۆلای مال ومندالەکەت وە چاوێکیشت بەئیمە بکەوێ؟

م: ئەوەتۆ ئەلێی چی تازە من وئەوان کوجا مەرحەبا؟

ك: برام وەختە تێك بچم کەگوێم لەو قسەی تۆبوو، خۆتۆ ئەت وت من ئەو 3کچەم بە قەدەر هەمووودنیا خۆش ئەوێ وەساتێ ناتوانم دوور کەومەوە لێیان. ئەی خێزانەکەت خۆتۆ دایم ئەت وت بەخوا سستەمی

خێزانی لەئەوروپا زۆر نابەجێ یە چۆن ئەوپیاوانە ئەتوانن خێزان و مندالەکانیان بەجێ بهێلن وبرۆن بۆ لای یەکێکی تر، وەخێزانەکەشی لەگەل یەکیکی تر بژی؟ خۆی ئیستا ئەو کچانەت پێ ویستی بە سۆزی باوك هەیە هەرچەندە خێزانەکەت ژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆیان وسۆزی تۆیان لەبیر چۆتەوە؟

م:برام من کەوتەمەتە ناو نازوو نعمەتێکەوە هیچ پێویستیم بەوان نیە؟باتۆزێکت بۆ باس بکەم هەرچەندە

زۆریش کەوت لەسەرت ئەم تەلەفۆنە؟

ك: قەیناکە باتۆزی ئاگاداربم لەرووداوەکانی کوردوستانی ئازاد کراو؟

م:کوردوستانیان ئازاد کردوو بەئیمەیان بەخشی ئەوەتا ئیستاش ئیمە ئەی بەین بەرێوە وەچی شمان بوێ لەکاتی پێویست دا ئەو کوردە کلۆلە بۆمان ئەکەن. وەبیریان ئەچێتەوە ئەوپەیمانانەی دابوومان هشتا هیچیان بۆجێ بەجێ نەبوە، هەندێ درۆی تریان بۆ ئەکەین و رازیان ئەکەین؟

ك: باشە بەس نیە خۆشتان بەو کارە ئەزانن؟ ئەی خۆت چۆن ئەژیت؟؟لەکوێ ئەنووی؟؟ کێ خزمەتت ئەکات؟؟خۆتۆ داواکاریت زۆر بوو دائم لەمالەوە؟؟ ئیستا جێ بەجێ ئەبێ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

م:نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم ئەگەرباسی سیارەبکەیت 4 نوع سیارەم هیە چەند خانویەك وهەندێ دوكان و چەند دۆنمێك زەوی وەبەنسبەت پارەشەوە پێش ماوەیەك سوپاس نامەو مەدالیای فەخریم بۆ هاتۆتەوەلە بانقكانی سویسراوە، وە ئەتوانم بلێم نازانم چەند هەزار بلۆكیشم هەیە؟

ك: توو خوا بەیارمەتی هەمووی تێ گەیشتم بەلاّم ئەوەی جێی سەرسورمانە ئەوەیە تۆ خاوەن چەند خانوویەكی ئەی بلۆكت بۆچیە بۆ تاقەتی خانوو كردنت هەیە؟

م:پاش قاقایەكی زۆر برام وادیارە دەمێكە ئاگاداری كوردوستان نیت بلۆك ئەو بلۆكانەنیە كەبۆ خانوو بەكاریەت ئیستالەبەرزۆری دۆلار باوی ((گەلاّ و دەفتەر)) نەماوە ئیستا هەموو كەس بە بلۆك قسە ئەكات؟

ك:باشە ئەی ئەو هەموو مولكانە بەناوی كێ وەیە ئەی كێ خزمەتت ئەكا خۆتۆ لێرە گەورەترین موشكلەت  خواردن بوو؟

م:كەسی تازە زۆرە تەوزیع كراوە بەسەریاندا و كومپیالەم لێ وەرگرتوون وەبەنسبەت خواردنیشەوە 3 فریشتە خواردنم بۆدروست ئەكەن و بوكەخانم و جەماعەتەكەی خۆشبێ ئەوە شەوگاریش ئەبەینە سەر بە مێز رازانەوەو بەزم و سەما؟

ك: ئەی باشە هیچت نەكردوە بەناوی خێزانەكەتەوە یاخود كچەكانت یامالی خەزورانت یا براكانت؟ ئەی خێزان و كچەكانت بەم وەزعەی تۆئەزانن؟؟؟؟

م:بزانن یا نەزانن موشكلەی من نیە وەهیچم نەكردوە بەناوی ئەوانەی تۆ ناویانت هیناوە بۆئەوەی رۆژێ لە رۆژان كەس نەزانێ كەئێمە لەباتی خزمەت كردن لەكوردوستان دا كوردوستانمان رووتا نۆتەوەو فرۆشتومانە كەس نەماوە خاوەن بستێ زەوی بێ و وەنە بستە زەو یەكیش ماوە دابەشی بكەین ئەوەتا ئیدارەی كوردوستان سەری لێ شێواوە زەوی لەكوێ بهێنێ دابەشی بكات بەسەر دایكی شەهیدان دا؟ وەخێزانەكەشم ئاگادارکردۆتەوە گەربێت و قسەیەك بكات یا نیازی شوكردنەوەی هەبێ ئەوا ژیانی باوك وبراكانی ئەكەوێتە مەترسیەوە. وەئەوخانوەی جارانی خۆشمان كەبەناوی خێزانەكەمەوەبوو پێم وتوە ئەگەر نەی فرۆشێ و نیوەی نەدا بەمن ئەوا لە سۆشیالی شارەكەی خۆمان شكاتی لێ ئەكەم و ئەلێم خانووی بەناوەوە هەیە لەكوردوستان بۆئەوەی مەعاشەكەی ببرن. نەوەك وەلەكۆتای دا ئەوخانوە بەرباوك وبراكانی بكەوێ؟

ك: بەخوا باش بوو زانیم كرداری زۆر لەلێپرسراوان چۆنە. خۆ جەنابت لەكاتی راپەرین جێگا نەبوو خۆتی تیا بشاریتەوە ئەگەرمالی خەزورانت نەبوایە دەمێك بوو نەمابووی ئیستا ش ئەوە چاكەكەیە ئەیان دەیتەوە؟

م:مالی خەزورانی چی ئەوان بەس ئەوەیان بۆكردووم كەنامەیەكم پیا ناردن بۆ یەكێ لە مسئولەكان لە ناوە پارتە سیا سیەكانی كوردوستان كە كاتی خۆی پەیوەندیمان بەیەكەوە هەبوو لەكاتی حكومەت دا وەهەموو كارێكی بۆ ئەكردین ومنیش ئاگاداری سەلامەتی خۆی ومال ومندالی بووم. كەچی فەقیرانە ناویان زرانن پێیان ئەوتن فایل چیەكان.

ك: زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەو ئاگاداریانەی پێت وتم دەربارەی كارەكانت و خزمەت كردنت لەكوردوستان. ئیستا بەتەواوی وەزعی كوردوستانم زانی. زۆریان باس ئەكرد ئەم ووت ئەمانەی ناوی كارمەندان لەكوردوستان بەخراپە ئەبەن هەموو دوژمنی ئیدارەی كوردوستانن. بەلاّم ئیستا زانیم ئەوانەی باسی ئیدارەی كوردوستانیان ئەكرد بۆم هەموو كوردوستانین وە دلسۆز بوون بۆ كورد وكوردوستان؟ كاكە گیان داوای لێ بوردنت لێ ئەكەم كاتیشم لێ گرتی وەئەمە دوا تەلەفۆن مە بۆ جەنابت تۆ سفەتت بۆ خێزان و

منداڵەكانی خۆتت نەبێ ئەی چون سفەتت بۆ من و كوردوستان ئەبێ؟ خوا حافیییییییییییییییز؟

م:دەقیقەیەك من نەپێویستم بەتەلەفۆنی تۆیەو نە بەكەسیش ئەوەی بمەوێ بۆم جێ بەجێ ئەكرێ یەك خالی بچوك چیە نەماوە نەیەتە دی وەنازانم ئاوات بۆچی بخۆم داوای چی بكەم؟ ئەوسا ئەیان ووت هاروونەرەشید بەڵام ئیستا هەر مەسئولێك هاروونە رەشیدێ كە بۆخۆی وكەسیش ناوی نابات و لەدوایش دا هەرخۆمان ئەبینە خاوەن مێژوو وە مێژووش بەپێنوسی خۆمان ئەنوسرێتەوە؟ خواحافیز كلۆل.

جواب:ئەچێتە ژورەوە بۆلای م پێی ئەلێ ئەوە چی بوو ئەوكورە چەنەبازە وا ئەوەندە قسەی لەگەل كردی بەخوا دلەكەم وابزانم بێتاقەتی كردی؟

م:نا دلەگیان كەتۆ ئەبینم هەموو شتێكم بیر ئەچێتەوە ئەوەبۆیە هەرچی پەیمانێك داومانە بەم كوردە كلۆلە هیچی جێ بەجێ نابێت؟وەك فەرموویانە ((ئەونانە نانەئیستا لەخوانە بۆ خۆم هەلگرم بۆ ئەو زەمانە)) هەریەكێ لەئیمە خاوەن چەند فریشتەیەكی وەك تۆن ئیتر ژیان چیە و چۆن ئەروا بابروات؟؟؟